# گەنمەجاڕی دوور

(شانۆنامە لە پەردەیەکدا)

ڕەسووڵ یۆنان
لە فارسییەوە: جەبار سابیر
(سلێمانی)




**مرۆڤەکان:**
**نینا**
**ئلیاس**
**پۆستەچی ١**
**پۆستەچی ٢**

**شانۆ:**

ژوورێکی ئاسایی بە پەنجەرەیەک ڕووەو گەنمەجاڕ و دەرگایەک کە بۆ لای چەپ دەکرێتەوە؛ بۆ دەرەوە لە بەری چەپیش دەرگایەک دەبینرێ، وەک بڵێی دەرگای کۆگایەکە.

(کە پەردەکە لادەدرێ، لە دەرەوە دەنگ و ناڵەی ڕێوی دێ و نینا غەمگین لەسەر کورسییەک دانیشتووە. پاش چەند چرکەیەک، ئلیاس لە دەرگای چەپەوە دێتە ژوورێ و بێباک بەرانبەر نینا بەرەو کۆگاکە دەڕوا، تا تۆڕی ماسیگرتنەکەی دابنێ.)

**ئلیاس:** (بە دەنگی بەرز): ئیتر ڕووبارەکە، ڕووبارەکەی جاران نییە. هیچی تێدا نییە، وەک بڵێی ماسییەکانی بوونەتە دووکەڵ و چوون بە هەوادا.

**نینا:** زوو گەڕایتەوە.

**ئلیاس:** خۆ وتم ڕووبارەکە ئیتر ماسی تێدا نییە، درەنگیش بگەڕامایەتەوە، هیچم لەگەڵ خۆم نەدەهێنایەوە.

**نینا:** هەوڵی خۆتت دەدا.

**ئلیاس:** هەوڵم دا، بەڵام سوودێکی نەبوو. (لە کۆگاکە دێتە دەرێ و بەرانبەر نینا لەسەر

کورسییەک دادەنیشێ) باشە هەواڵ چییە؟
(لە دەموچاوی نینا ورد دەبێتەوە) بێتاقەت دەبینرێی، چی ڕووی داوە؟

**نینا:** (نیگای دەباتە سەر پەنجەرەکە) هیچ. دیسان ڕێوییەک بە تەڵەوە بووە.

**ئلیاس:** دەزانم، وا دەنگی دەبیستم. نەفرەتییانە کاتێک بە تەڵەوە دەبن، بەردەوام دەناڵێنن. بە ڕاستی ناڵەشیان بە ژانە، مرۆڤ دەخەنە گریان؛ بەڵام ئێمە چارەیەکمان نییە، ئەگەر تەڵە نەنێینەوە، ئەمانە مەزراکان تەفروتوونا دەکەن. هەموویان بەم جۆرەن، کاتێک ئازادن هەر هەڵەیەکیان حەز لێ بێت، دەیکەن، بەڵام کاتێک بە تەڵەوە دەبن، دەست بە ئاهوناڵە دەکەن.

**نینا:** (غەمگینتر) ئاخر بۆچی؟ بۆچی دەبێ هەموو ڕێوییەکان لەم گەنمەجاڕەدا بە تەڵەوە ببن؟

**ئلیاس:** جیاوازییەکی نییە، لێرەیش بە تەڵەوە نەبن، لە شوێنێکی دی بە تەڵەوە دەبن. هەموو گەنمەجاڕەکان پڕن لە تەڵە.

**نینا:** گوێت لێیە ئلیاس! ئەو وا ئازار دەچێژێ.

**ئلیاس:** بەڵێ گوێم لێیە. ئەو وا ئازار دەچێژێ، چەند خراپە، بەڵام لە بیرت بێت ئێمەیش ئازار دەچێژین. گەنم چاندن بە ڕاستی قورسە. دەبێ شەو و ڕۆژ لە بیری مەزراکەدا بیت. دەبێ بەردەوام ئاوی زەوییەکە بدەیت. دەبێ وریابیت ئافات لێی نەدا و هەزار و یەک دەردەسەری دیکەی هەیە. هەوڵ دە بێتاقەت نەبیت.

**نینا:** (هەڵدەستێ و بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات) بە دەست خۆم نییە... ئاخر دەزانی ئەوان هیچ گوناحێکیان نییە، ئەوان نازانن خەریکن چ کارێک دەکەن.

**ئلیاس:** (پاپەکەی دادەگرسێنێ) هەموو ئەمە دەڵێن. ئەی گوناحبار کێیە، من، یان تۆ؟! کەواتە کێ ئەم گەنمەجاڕە دەپلیشێنێتەوە؟ دەبێ لەم نێوەدا گوناحبارێک هەبێت، یان نا؟... ئەگەر ئەوان نازانن خەریکن چ کارێک دەکەن، منیش نازانم، بە ڕاستی نازانم!

**نینا:** سەیرکە ئلیاس! تۆ نابێت خۆت لەگەڵ ئەوان بەراورد بکەیت، ئەوان ڕێوین، خۆ تێ دەگەیت؟ ڕێوی لەگەڵ مرۆڤ جیاوازە.

**ئلیاس:** (تاڕادەیەک وەڕز) تۆ دەڵێی چی بکەم؟

**نینا:** هیچ، نازانم.

**وچان.**

**ئلیاس:** بەڵام، دەزانم تۆ دەتەوێ تەڵەکان لە کار بخەم، مەگەر نا؟

**نینا:** (بە جووڵەی سەر) بەڵێ! ئاخر دەزانی...

**ئلیاس:** (قسەی پێ دەبڕێ) تا نەک تەنیا ڕێوییەکان، بەڵکوو کەسانی تریش بە تەڵەوە نەبن وانییە؟... (گوماناوی) تۆ نیگەرانی کەسانی تریت، ڕێوییەکان بیانووە... تۆ دەتەوێ هەر کەسێک حەزی کرد بە ئاسانی بێتە ئێرە و مەزراکە و ماڵی ئێمە وێران بکات.

(ناڵەی ڕێوییەکەی نەماوە)

**نینا:** (سەرسوڕماو) تۆ خەریکی چی لەبەر خۆتەوە دەڵێی؟ دەبێ تۆ شێت بووبیت.

**ئلیاس:** ڕەنگە، بەڵام تۆیش ئاوەزی خۆت لەدەست داوە... پێت وابوو من بۆن ناکەم.

**نینا:** (سەرسوڕماو) بۆنی چی؟!

**ئلیاس:** بۆنی پێوەندی عاشقانەت لەگەڵ ئەو هەتیوە بێشەرەف و خودانەناسە.

**نینا:** باسی کێ دەکەیت؟

**ئلیاس:** باشە دیارە؛ باسی کەسێک کە دوور لە چاوی من هاتوچۆی ئەم مەزرایە دەکات، بۆ نموونە هەندێک شەو کە من لە ماڵەوە نیم.

**نینا:** دڵنیای حاڵت باشە و هەڵیتوپەڵیت

نالێـی؟

**ئلیـاس:** بەڵـێ دڵنیـام! مـن حاڵـم باشـە و هەڵیتوپەڵتیش ناڵێم... هەست و هۆشی خۆیشم لەدەست نـەداوە. پێرێ هەینی بوو و ئەمڕۆیش یـەک شـەممەیە، وەرزیش هاوینـە.

**نینا:** (دۆشداماو) نا، من باوەڕ ناکەم.

**ئلیاس:** باوەڕ بە چی؟

**نینـا:** ئـەوەی مێردەکـەم لەبـەر هەمـوو ئـەو زەحمەتانـەی لـەم ماڵـەدا دەیکێشم، بـەم جۆرە سپاسـم بـکات.

**ئلیاس:** بـەڵام باوەڕ بکە. مـن دوو ڕۆژ لەمەوبەر، لـە یەکێـک لـە تەڵەکانـدا، پێڵاوێکـی پیاوانـەم دۆزییـەوە (دەنگی هەورەبرووسکە) دەزانـی یـارۆ شـڵەژابوو؛ نەیتوانیبـوو تەڵەکـە بکاتـەوە، تەنیـا قاچـە ڕووتەکـەی لەتەڵەکـە دەرهێنابـوو و تێـی تەقاندبـوو.

**نینـا:** (نابـاوەڕ و بـە گریانـەوە) بـەڵام ئەمـە درۆیەکـی ڕووتـە... ڕەنگـە ئـەو دزێـک بووبێـت.

**ئلیـاس:** (دەهـری) بـەڵام دز نەبـووە، بـاش ئەمـە دەزانـم.

**نینا:** (بە هاوارەوە) چۆن دەیزانی؟

**ئلیـاس:** مـن هیچـم نییـە تـا دز بیـەوێ بـدات بـە سـەر ماڵەکەمدا. ئەگـەر دزیش بووە، دزێکـی عاشـق بـووە، هاتبـوو تـۆ بـدزێ، تـۆ بـدزێ و ماڵەکـەی مـن وێـران بـکات.

**نینا:** باوەڕ ناکەم. تۆ گۆڕاویت!

**ئلیـاس:** بـە خـودا خۆیشـم، ئلیـاس، ئلیاسـی ماسـیگر، ئلیاسـی ڕاوچـی، ئلیاسـی گەنمچێـن، (دەهـری) بۆچـی دەیشـارییەوە؟ زۆر پیـاوە وانییـە؟

**نینا:** کێ؟

**ئلیاس:** ئەو.

**نینا:** توو ئەو خودایە بیبڕەوە.

**ئلیـاس:** مـن دەسـتم پێ نەکـردووە تـا بیبڕمەوە. خۆت دەسـتت پێ کـردووە.

**نینـا:** هیـچ نییـە تـا مـن دەسـتی پـێ بکـەم، یـان نەیکـەم. تـێ دەگەیـت، یـان نـا؟

**ئلیـاس:** (بـە توانجـەوە) تـێ دەگـەم. زۆر باشـیش تـێ دەگـەم. لەبـەر ئـەوەی هـەر کەسـێک بـەم ڕوونییـە لـە بابەتێـک تـێ نـەگات دەبـێ زۆر گەمـژە بێـت.

**نینا:** (دەست لەسـەر ناوچەوانی دادەنـێ) مـن خەریکـم سـەرم گێـژ دەخـوات!

**ئلیاس:** ئێسـتا چوارشانەیە، یان نـا؟ پۆشاکی شـیک دەپۆشـێ، یان وەک مـن دەگـەڕێ؟

**نینا:** (گێژ) من خەریکە سەرم گێژ دەخوات!

**ئلیـاس:** دەڵێـن شمشـاڵیش دەژەنـێ، جوانیـش دەیژەنـێ... ئەمـە نازانم، دەبێ دەنگێکی خۆشیشـی هەبێـت!

**نینا:** ئاخ سەرم!...

**ئلیاس:** نـاوی چییە؟ (بـە هەڕەشـەوە) دەیڵێی، یـان نا؟

**نینا:** ناوی کێ؟

**ئلیـاس:** ئـەو کەسـەی خەریکـە ژیانـم وێـران دەکات، ئـەوەی کـە تـا دەستەکەی ئاشکرا نەبێت لـە هەمـوو گەنمەجـاڕەکان، ئـەم گەنمەجـاڕە دوورەی هەڵبـژاردووە تـا هـەر هەڵەیەکـی پـێ خۆشـە بیـکات (بـە هـاوارەوە) پرسـیم نـاوی چییـە؟

**نینـا:** (بـە تـرس و لـەرزەوە) لـەم نێوەدا کەسـێک نییـە کـە ناوێکیشی هەبێت.

**ئلیاس:** درۆ دەکەیت... وەک سـەگ درۆ دەکەیت... گوناحبـاران قـەت ددان بـە گوناحەکـەی خۆیانـدا نانێـن، ئەگەریـش بینێـن ددان بـە هەموویـدا نانێـن.. بۆچـی ناتـەوێ شـتێک بڵێـی؟

**نینا:** ئاخر چی بڵێم؟

**ئلیاس:** بڵێ کە ئەو دێتە ئێرە، بڵێ کە مەیموونی گەنمەجاڕەکە شمشاڵت بۆ دەژەنێ و گۆرانی دەڵێ... بڵێ کە کاتێک ئەو دەبینی لە خۆشیان حاڵت نییە و سەر دەخەیتە سەر شانی... بڵێ کە خۆشت دەوێ... بڵێ کە پۆشاکی سپی دەپۆشێ.. بڵێ کە بە تۆی وتووە بەختەوەرت دەکات.

**نینا:** (بە قیژەوە قسەکانی پێ دەبڕێ) نا! نا! هیچ یەکێک لەم قسانە ڕاست نییە، تۆ خەیاڵاوی بوویت.

**ئلیاس:** ڕەنگە تۆ ڕاست بکەیت، من خەیاڵاوی بووم، بەڵام خەڵکی چی؟ خۆ ناکرێ هەموویان کتوپڕ خەیاڵاوی بووبن. هەموو خەریکن لە ژێر لێوەوە گۆرانی عەشقی تۆ و ئەو نەفرەتییە دەخوێنن (هەڵدەستێ و بەرەو کۆگاکە دەڕوات).

**شمشاڵێک لە گەنمەجاڕی دوور**
**وای گۆرانی دەڵێ**
**بۆ ژنێکی وەک فریشتە**
**وەک مانگ**
**نازی بۆ دەکات**
**بەڵام عەشقەکەیان ڕۆژێک**
**دەبێتە هۆی نەنگی**
**خێزانەکانیان دەزانن**
**دەبێتە شەڕ**
**شمشاڵێک لە گەنمەجاڕی دوور**
**نوقم لە خرۆش و شادی**
**(بە تفەنگەوە لە کۆگاکە دێتە دەرێ)**

... ئێستا تێگەیشتی کە من خەیاڵاوی نەبووم، یان دیسان بۆت بخوێنم.

**نینا:** (ناچار) نازانم، قسەکانی تۆ لە کابووس دەچن، من دەترسم.

**ئلیاس:** (لە کاتێکدا کە تفەنگەکە خاوێن دەکاتەوە) زۆر دەترسی؟

**نینا:** بەڵێ، زۆر دەترسم!

**ئلیاس:** دەزانم! ترس شتێکی خراپە. کاتێک مرۆڤ دەترسێ هەر کاتژمێرێک دەبێتە ساڵێک بۆی و هەر ساڵێک سەدەیەک، هەست بە جوانی خۆر ناکات، باران بۆی لە جنێو دەچێت. مانگی خۆش ناوێ و ڕقی لە زەنگی کاتژمێرە و شتەکان و جانەوەرانیش کە شوێنی خۆیان هەیە... بەڵام مەترسە، چونکە من ناتکوژم واتە ناتوانم، دەزانی هەندێک کات، هەندێک لە کارەکان لە دەسەڵاتی مرۆڤ بە دەرن... خۆزگە دەتزانی چەندەم خۆش دەوێی... بەڵام ئەو دەکوژم، ئەو هەتیوە خودانەناسە.

**نینا:** (ترساو و نائومێد) بەڵام پیاوێک نییە تا بیکوژی.

**ئلیاس:** ئیتر متمانەم بە قسەکانی تۆ نییە، هەوڵ مەدە قەناعەتم پێ بکەیت، من ئەو دەکوژم... نیگەران مەبە ئەزێتی نادەم...
ڕێک دەیدەم لە دڵی و یەکسەر دەمرێ.

**نینا:** لەوە زیاتر کە بیرت لێ دەکردەوە بۆنی خوێن لە قسەکانت دێ.

**ئلیاس:** خۆ ئەمە سەرسوڕمانی ناوێ، لەبەر ئەوەی ڕاوچیم، ئیتر دەبوو ئەمەت زۆر باش بزانیایە!

**نینا:** دەمزانی، بەڵام نەک بەم ڕادەیە، ئێستا باش زانیم، ئەمەیشم زانی کە دەبێ هەمیشە تەقە بکەیت، تەنانەت ئەگەر نێچیرێکیش نەبێت.

**ئلیاس:** ڕاستییەکەی هەندێک کات دەست و دڵم دەلەرزێ، سەرباری ئەمەیش ئەم کارە دەکەم، لەبەر ئەوەی دەمەوێ زیندوو بمێنم. ئاخر دەزانی ڕاوچییان، یان ڕاو دەکەن، یان ڕاو دەکرێن!

**نینا:** ژیان هەمووی نێچیربوون و نێچیربوون

نییە؟!

**ئلیاس:** با؟ هەمووی ئەمەیە! ئێستا من ئەو دەکوژم، دواتر بە خەیاڵی ئاسوودەوە دەژیم.

**نینا:** ئەگەر من لە شوێنی تۆ بوومایە تەقەم لە خۆم دەکرد.

**ئلیاس:** تۆ ئەگەر لە شوێنی من بوویتایە، تەقەت لە ژنەکەت دەکرد، بەڵام من ئەم کارە ناکەم، کەواتە باشترە هەر کەسێک لە شوێنی خۆی بێت و خوێن بڕێژی و ناپاکی بکات.

**نینا:** چۆن بیڵێم... من ناپاکیم نەکردووە!

**ئلیاس:** هەوڵ مەدە، من ئیتر قەناعەت ناکەم.

**نینا:** کەواتە هەر جۆرێک ئاسوودەی، من ئیتر ناتوانم لێرە بژیم. من لێرە دەڕۆم، تۆ گومانت لە هەموو شتێک هەیە.

**ئلیاس:** باشە، گومانەکەم مەهێڵە!

**نینا:** ناتوانم... ئیتر درەنگ بووە. ئەسڵەن دەزانی! من دەبێ لێرە بڕۆم، لەبەر ئەوەی ئێرە بۆ ژیان بەڕێ کردن زۆر بچووکە. لەم گەنمەجاڕە دوورە کە لە هەموو شوێنێک دوورە، خەریکە هەناسەم لێ دەبڕێ.

**ئلیاس:** ئەمە هۆکارێکی قەناعەت پێکەر نییە!

**نینا:** خۆ نابێ هەموو شتێک هۆکاری هەبێت.

**ئلیاس:** بەڵام من پێم خۆشە مرۆڤ هەر کارێک کە دەیکات، هۆکارێکی هەبێت.

**نینا:** هەندێک کات کارەکان هیچ هۆکارێکیان نییە، بۆ نموونە مرۆڤ حەزی لە فیلمێک نییە، بەڵام دیسان سەیری دەکات، یان بێهوودە لەسەر شەقامەکان پیاسە دەکات.

**ئلیاس:** ئاوها، بەڵام بە بۆچوونی من، ڕۆیشتنی تۆ هۆکارێکی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە تۆ گوناحت کردووە هەڵدێی.

**نینا:** (هەڵدەستێ و جانتایەک دەهێنێ تا پۆشاکەکان و کەلوپەلە تایبەتییەکانی کۆبکاتەوە) و تەنیا گوناحکاران هەڵدێن، تۆ دەتەوێ ئەمە بڵێی، وانییە؟

**ئلیاس:** بەڵێ.

**نینا:** بەڵام زیندانییەکانیش ئەم کارە دەکەن.

**ئلیاس:** بەڵام وا نابینرێ لێرە زیندانێک هەبێت، لەبەر ئەوەی تۆ دەتوانی هەر کاتێک حەزت کرد، بچیتە دەرێ و بێیتەوە.

**نینا:** هەڵە مەکە! ئێرەیش زیندانە و تەنیا جیاوازییەک کە لەگەڵ زیندانەکان هەیەتی ئەوەیە کلیلەکەی بە دەست خۆمانە.

**وچان.**

**ئلیاس:** ئێستا دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆیت؟

**نینا:** بۆ ماڵێک کە لێرە گەورەتر بێت.

**ئلیاس:** بەڵام لە بیرت نەچێ هەموو ماڵەکانی ئەم گوندە وەک یەکن، هەموویان وەک ئەم ماڵە بچووکن، ئەسڵەن دەزانی ئەم زەوییە خۆی زۆر بچووکە، لەوە بچووکترە کە ماڵی گەورەی هەبێت.

**نینا:** وێڕای ئەمەیش لێرە دەڕۆم (خەریکە جانتاکەی دەپێچێتەوە) تۆیش دەبێ بزانی کە زەوییەک بەم بچووکییە ئەوەندە گەورەیە کە مرۆڤ بتوانێ لەوێدا ئاسوودە بژی، دەبێت دەست لە گەورەییەکەی بدەیت، کاتێک دەستی لێ بدەیت، ئەوسا تێ دەگەیت کە لە بەرانبەر گەورەییەکەیدا تفەنگ سڕینەوە و نازانم لە ڕیزی ئایسکرێمدا وەستان چەندە بێمانایە.

**ئلیاس:** کەواتە بڕیارت داوە لێرە بڕۆیت؟!

**نینا:** بەڵێ! بڕیارم داوە لێرە بڕۆم، ئێستا.

**ئلیاس:** ئەگەر من نەهێڵم چی؟

**نینا:** دیسان دەڕۆم، تەنانەت ئەگەر تەرمەکەیشم لێرە جێ بهێڵم.

**ئلیاس:** (وەک بڵێی هاتبێتەوە سەرخۆی)،

بـەڵام... بـەڵام دیسـان ئێمـە دەتوانیـن بگەینـە تێگەیشـتن.

**نینـا:** ئیتـر درەنـگ بـووە، ناتوانیـن، متمانـەی هەڤبـەر لـە نێوچـووە و ساپیتەیەک کـە بـۆ خۆمـان دروسـتکردبوو، خەریکـە دادەڕمـێ.

**ئلیاس:** بـە بۆچوونی مـن بـۆ بـاش ژیان هەرگیـز درەنـگ نییە.

**نینا:** هەڵـە دەکەیت، هەندێک جار بـۆ خواردنەوەی کووپێـک چاییش درەنگە.

**ئلیـاس:** (نائومێـد) وەک بڵێـی یـارۆ بـاش کاری تـێ کردوویت، تـۆ پێشـتر لـەم قسـانەت نەدەکرد.

**نینـا:** (خەریکـە لـە شـانۆکە دەچێتـە دەرێ) تۆیـش پێشـتر لـەم قسـانەت نەدەکـرد. ئەگـەر پێـت خـۆش بـوو ئـاوی گوڵـەکان بـدە. خـوات لەگـەڵ.

**ئلیاس:** (گێژ و حۆل) خوات لەگەڵ...

**نینـا:** (لەبـەر خۆیـەوە) جێگـەی بـاوەڕ نییـە نینا ناپاکی لـە مـن بکات. ئـەو ژنێکـی میهرەبـان بـوو... بـەڵام بوەسـتە بزانـم ئەگـەر ناپاکـی نەکردبایـە، کەواتـە بۆچـی ڕۆیشـت... ئومێدەوارم حاڵـم بـاش بێـت، ئـاوەزم بـاش کاری کردبێـت... پێـرێ هەینـی بـوو، ئەمڕۆیـش یەکشـەممەیە... وەرزیـش هاوینـە...

(لە دەرگا دەدرێ)

**دەنگەکـە:** (لەودیـو دەرگاکـەوە) کـەس لـە مـاڵ نییە ؟

(ئلیاس دەنگێک دەبیستێ.)

**دەنگەکە:** (لەودیو دەرگاکەوە) کەس لە ماڵ نییە؟

(دووبارە لە دەرگاکە دەدرێ.)

**ئلیـاس:** (هەسـت بـە دەنگەکـە دەکات) هاتـم، کێیـە؟

(دەرگاکـە دەکاتـەوە و پیاوێـک بـە زەرفێـک لـە دەسـت و دەفتەرێـک لـە بـن باڵیـدا دێتـە ژوورێ.)

کابرا: ڕۆژباش قوربان!

**ئلیاس:** ڕۆژباش!

کابـرا: پۆسـتەچیم. هاتـووم زەرفێکـت ڕادەسـت بکـەم.

**ئلیـاس:** (دڕدۆنـگ) بـەڵام... بەڵام پێشـتر کەسـێکی تـر ئـەم کارەی دەکرد.

**پۆسـتەچی:** بەڵـێ، قسـەکەت ڕاسـتە، بـەڵام دەبێـت پێـت بڵێـم کـە ئـەو ئیتـر خانەنشـین بـووە. لەمـەودوا مـن نامـەکان دەهێنـم. جیـاوازی بـۆ تـۆ هەیـە؟

**ئلیـاس:** (ڕواڵەتی خۆی دەپارێزێ) نا، هەرگیز!

(پۆسـتەچی زەرفەکـە دەداتـە دەسـت ئلیـاس و دەفتەرەکـەی دەکاتـەوە.)

**پۆستەچی:** تکایە ئێرە واژۆ بکە!

(ئلیـاس زەرفەکـە لەسـەر مێزەکـە دادەنـێ و دەفتەرەکـە واژۆ دەکات.)

**پۆسـتەچی:** ماڵەکـەت زۆر خۆشـە، ژیـان بـەڕێ کـردن لـە نێـو ئـەم گەنمەجـاڕە جوانـەدا کتومـت بەختەوەرییـە!

**ئلیاس:** بەڵام لە گوندەکەوە زۆر دوورە!

**پۆسـتەچی:** باشـە، لـە هەمبـەردا ئارامـی هەیە... بـە ڕاسـت بیـرم چـوو بڵێـم... سـێ، چـوار ڕۆژ لەمەوبـەر مـن هاتـم بـۆ ئێـرە تـۆ لـە مـاڵ نەبوویت و نامەکەتـم خسـتە سـندووقەکەوە... چـۆن بڵێـم ئـەو ڕۆژە لەبـەر ئـەوەی ماندووبـووم، نەمتوانـی بـە دەوری مەزراکـەدا بگەڕێـم و بگەمـە ماڵەکـەی تـۆ، واتـا لـە ناوەڕاسـتی گەنمەجاڕەکـەوە هاتـم، ئومێـدەوارم لێـم ببـووری.

**ئلیاس:** تکا دەکەم.

**پۆسـتەچی:** (بـە شـەرمەوە) بێگومـان هەوڵـم دا گەنمەجاڕەکـە نەپلیشـێنمەوە، بـەڵام مەبەسـتم لـەم خورشـید و خـاوەرە ئەوەیـە کـە ئـەو ڕۆژە قاچـم بـە تەڵـەوە بـوو.

**ئلیاس:** (وەک بڵێی دۆزیبێتییەوە) وتت قاچت بە تەڵەوە بوو؟

**پۆستەچی:** بەڵێ! لە چانسی بەد، قاچم بە تەڵەوە بوو. پێکەنیناوییە، وانییە؟

**ئلیاس:** (بە ئەسپایی ڕووە و ئامادەبووان) خۆیەتی، کەواتە هەڵەم نەکرد.

**پۆستەچی:** پرسیم پێکەنیناوییە، وانییە؟ (پێدەکەنێ)

**ئلیاس:** (بە توانجەوە) زۆر و ئێستا پێڵاوەکەت دەوێ؟

**پۆستەچی:** ئەگەر ئەو چاکەیە بکەیت سپاست دەکەم. دەزانی ئێمە مووچەکەمان ئەوەندە نییە هەر کاتێک ویستمان پێڵاو بکڕین.

**ئلیاس:** (بە توانجەوە) کەواتە ئەو تاکە پێڵاوە هی تۆیە؟

**پۆستەچی:** بەڵێ، بە یارمەتیت.

**ئلیاس:** کەواتە تۆ بوویت گەنمەجارەکەی ئێمەت پلیشاندەوە؟

**پۆستەچی:** ئەم قسەیە چییە کاکە. من تەنیا بە نێویدا ڕۆیشتم. ئەگەریش حەز ناکەیت تاکە پێڵاوەکەم بدەیتێ، بۆ خۆت. بە یارمەتیت! (پۆستەچی وەردەسووڕێ تا بڕوات، ئلیاس لە پشتەوە دەیگرێ.)

**ئلیاس:** (بە تووڕەییەوە) بۆ کوێ چەپەڵ؟ دەتەوێ بۆی دەرچی؟

**پۆستەچی:** (گێژ و حۆل) من تاوانێکم نەکردووە تا بۆی دەرچم.

**ئلیاس:** پێتوایە! تۆ گەورەترین تاوانت کردووە.

**پۆستەچی:** لە مەبەستت تێ ناگەم. من تا ئێستا نەمدەزانی پۆستەچی بوون تاوانە.

**ئلیاس:** زۆر باشیش تێ دەگەیت، کوا شمشاڵەکەت؟ دەڵێن تۆ شمشاڵژەنێکی لێوەشاوەی.

**پۆستەچی:** (بە ترسەوە) کام شمشاڵ؟ خۆ من شمشاڵ ناژەنم.

**ئلیاس:** (لە کاتێکدا کە هەڕەشە لەو دەکات) سەرم دەسوڕمێ! ئەمڕۆ ئەمەندە خراپ خۆت گۆڕیوە.

**پۆستەچی:** من هەمیشە بەم جۆرە خۆم دەگۆڕم.

**ئلیاس:** تۆ دەبێ زۆر قۆز بیت.

**پۆستەچی:** (بە ترسەوە) من هیچ لە قسەکانت حاڵی نابم.

**ئلیاس:** ئەمڕۆ پێشبینیت نەدەکرد من لە ماڵەوە بم، وایە؟ (هەڵیدەداتە ناوەڕاستی ژوورەکە) پێتوابوو بۆ ڕاوەماسی چووم.

**پۆستەچی:** بۆچی ڕوونتر قسە ناکەیت؟

**ئلیاس:** (بە هاوارەوە) لەمە ڕوونتر چۆن بڵێم. تۆ ژیانمت وێران کرد. واتا تۆ ئەو چەتیوە خاشاکە.

**پۆستەچی:** (بە ترسەوە) کام ژن؟

**ئلیاس:** (بە تێزە پێکەنینەوە) واتا تۆ نینا ناناسی؟

**پۆستەچی:** دیارە کە نایناسم. من تازە هاتووم بۆ ئەم گوندە.

**ئلیاس:** بەر لەوەی هەناسەت لێ ببڕم، پێم خۆشە بپرسم بۆچی ئەم کارەت کرد؟ (دەیداتە بەر مشت و پێلەقە).

**پۆستەچی:** کام کار؟

**ئلیاس:** بۆچی لەگەڵ نینا تێکت دا؟ بۆچی لە ناو هەموو کچ و ژنەکاندا، ژنەکەی منت هەڵبژارد؟

**پۆستەچی:** بە خودا من هیچم نەکردووە.

**ئلیاس:** درۆ دەکەیت، ئەویش درۆی دەکرد... ئەو ژنم بوو. خۆشم دەویست. نەمتوانی بیکوژم، بەڵام دەتوانم تۆ بکوژم.

**پۆستەچی:** (بە گریانەوە) خودای من! من

گیرم خواردووە.

**ئلیاس:** (دەستەکانی لە دەوری ملی ئەڵقە دەکات) بیرت نەدەکردەوە بە گیرت بهێنم، وانییە؟ هەڵە لێت داوە.

**پۆستەچی:** (ناچار) بوەستە، بوەستە، ئەوە چی دەکەیت؟ من هیچ کارێکم نەکردووە و دەتوانم ئەمە بسەلمێنم.

**ئلیاس:** (وازبێنە) چۆن دەتوانی بیسەلمێنی؟

**پۆستەچی:** قورس نییە، کەمێک هەستە بچین بۆ بەڕێوەبەرێتی پۆستە، لەوێ هەموو شتێک دەردەکەوێ؛ لەوێ پێت دەڵێن من هەمووی پێنج ڕۆژە هاتووم بۆ ئەم گوندە.

**ئلیاس:** بەڵام ئەگەر نەیسەلمێنی وەک سەگ دەتتۆپێنم.

**پۆستەچی:** باشە، ئەگەر نەمسەلماند ئەم کارە بکە، بەڵام دڵنیابە دەیسەلمێنم. تۆ هەڵە دەکەیت، تۆ تووشی خەیاڵاو بوویت (هەڵدەستێ).

**ئلیاس:** بوەستە بزانم، کێ دەڵێ تۆ پۆستەچیت؟ نەکا بتەوێ هەڵبێی.

**پۆستەچی:** ئەمە خۆ قورس نییە، دەتوانی ئەو زەرفە بکەیتەوە کە هێنام. ڕەنگە ئەو کاتە هەموو شتێک ڕوون بێتەوە.

(ئلیاس زەرفەکە هەڵدەگرێ کە لەسەر مێزەکە دابنابوو و بە پەلە دەیکاتەوە. وەک بڵێی نامەیەکیان لەگەڵ قەوانێکی گرامافۆن بۆ ناردووە.)

**ئلیاس:** (بە پەلە سەر نامەکە دەخوێنێتەوە) لە خوشکەکەمەوەیە.

**پۆستەچی:** بینیت وتم پۆستەچیم؟!

**ئلیاس:** (ئێستا خەریکە سەر قەوانەکە دەخوێنێتەوە) چی؟ شمشاڵژەنێک لە گەنمەجاڕی دوور؟

**پۆستەچی:** بەڵێ، شمشاڵژەنێک لە گەنمەجاڕی دوور. تازە کەوتووەتە بازاڕەوە، زۆر جوانە، هەمووان لە ژێر لێوەوە دەیڵێنەوە... خەڵکی ئیتر لە گۆرانی کۆن ماندوو بوون. چاوەڕێی گۆرانی نوێن، هەربۆیە زۆر زوو ئەم گۆرانییە دەکەوێتە سەر زاران.

(ئلیاس نوقمی بیرکردنەوە دەبێ)

**(وچان.)**

**پۆستەچی:** ئەگەر فەرمانێکت نییە من با بڕۆم؟!

**ئلیاس:** (بیرکەرەوە لە ژێر لێوەوە) نەفرەت لە هەرچی شمشاڵ و مشماڵە...

**پۆستەچی:** قوربان! ئەگەر کارێکت نییە، با من بڕۆم.

(ئلیاس کتوپڕ دێتەوە سەر خۆی)

**ئلیاس:** با، واتا نا... بزانم تۆ حەزت لەم قەوانەیە؟

**پۆستەچی:** بەڵێ قوربان!

**ئلیاس:** (دەیەوێ قەوانەکەی بداتێ) من دەمەوێ ئەم قەوانە بدەم بە تۆ.

**پۆستەچی:** نا قوربان! زۆر سپاس، من زۆر گوێم لەم قەوانە گرتووە.

**ئلیاس:** تکایە قبووڵی بکە... دەزانی ئاخر گرامافۆنەکەی من ساڵانێکە خراپە و منیش قەت تاقەتم نەبووە بیبەم چاکی بکەنەوە.

**پۆستەچی:** (لە کاتێکدا کە دەڕوات) هەڵە دەکەیت، من لە جێی تۆ بوومایە هەر ئەمڕۆ دەمبرد چاکی بکەنەوە. لەبەر ئەوەی مرۆڤی تەنیا نابێت گوێ لە دەنگی خۆی بگرێ. بێگومان ئەم کارە عەیبێکی نییە، بەڵام لە دنیادا دەنگگەلی دیکەیش هەن کە دەبێ گوێیان لێ بگری... دەزانی... هەندێک کات دەشێ مرۆڤ قوتار بکات... بمبوورە کونجکۆڵیم کرد، بە یارمەتیت.

(پۆستەچی لە دیمەنەکە دەچێتە دەرێ)

**ئلیاس:** وەک بڵێی هەموو پاکن، کەواتە گەندەڵ کێیە؟ من؟... ئاخر خۆ من هیچم نەکردووە، لەو کاتەوەی خۆم دەناسم هەوڵم داوە گوناح نەکەم، واتا نەمکرد... بەڵام ئەو ژنە کەڵەگەتە... ئەو خۆی ویستی، باشم لە بیرە، سەرەتا ئەو دەستی پێ کرد... واتا وتی من باشترین پیاوێکم کە ئەو تا ئێستا بینیوێتی. (لە دەرگا دەدرێ.)

**دەنگەکە:** کەس لە ماڵ نییە.

**ئلیاس:** و... باشە هەموو دەیانتوانی لەگەڵ ئەو بن... دزیشم نەکردووە... هەروا مرۆڤکوژیش... دەرگا دەکرێتەوە؟

**دەنگەکە:** کەسێک لە ماڵە؟

**ئلیاس:** (دێتەوە سەر خۆی) هاتم، کێیە؟ (دەرگاکە دەکاتەوە و پۆستەچییەکی تر لە ناو دەرگاکەدا دەردەکەوێ)

**کابرا:** ڕۆژباش قوربان، تۆ زەرفێکت هەیە، دەبێ وەری بگریت.

**ئلیاس:** (گێژ و حۆل) تۆ؟

**کابرا:** پۆستەچیم و تازە هاتووم بۆ ئەم گوندە.

**ئلیاس:** (جڵەوی خۆی لە دەست دەدا و دەری دەکات و دەرگاکە دادەخات) بڕۆ دەرێ کاکە... بڕۆ دەرێ... مەگەر ئەم گوندە بچووکە دەبێ چەند دانە پۆستەچی هەبێت...

**کابرا:** (لەودیو دەرگاکەوە) چما تۆ حاڵت باش نییە... دەرگاکە بکەرەوە و زەرفەکە وەربگرە.

**ئلیاس:** (بە تووڕەیی و هاوارەوە) وتم بڕۆ ون بە (وەڕز ڕوو بە ڕووی ئامادەبووان دێت و لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکات.) مەحاڵە من بێدار بم... بە دڵنیاییەوە من خەون دەبینم... بەڵێ من خەون دەبینم (شێتانە پێدەکەنێ)، بەڵام خەوێکی چەند ترسناکە... هەمووان خەریکن درۆ دەکەن... هەموو خەریکن ناپاکی دەکەن... هەموو خەریکن دەکوژن... (ئلیاس شێتانە پێدەکەنێ و شانۆکە تاریک دەبێ.)

**کۆتایی**

**سەرچاوە:**

**گندمزار دور، مجموعە نمایشنامە، رسول یونان، نشر امرود، چاپ دوم، ۱۳۹۱.**